# ڕاپۆرتی بەیکەر – هامیلتۆن یا شکستێکی تری ئەمریکا
# وهاوپەیمانەکانی لەکوردستاندا؟

ئەحمەد معین

ئەمرۆ ئەو ڕاستیە بۆ هەموو چاودێرانی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا دەرکەوتووە کە کۆشکی سپی تووشی شکستێکی گەورە بووە . ئیتر ئەوە لەڕۆژ ڕووناکترە کە ئەمریکا چیتر بۆی ناکرێ درێژە بەهەمان سیاسەت وستراتیجی بدات لەعێراقدا. سەرۆکی ئەمریکا ووەزیری نوێ وکۆنی بەرگری بەبێ هیچ پەردەپۆشیەک ناچاربوون چەند جار ئەو ڕاستیە بدرکێنن. دەرکردنی دۆناڵد ڕامسفێلدی وەزیری پێشووی بەرگری ناتوانێ بەتەنها پەردەپۆشی ئەو شکستەی ئەمریکا بکات .

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی بەیکەر – هامیلتونیش ، ئەوەندەی پەیوەندی بەسیاسەتی تا ئێستای ئەمریکاوە لە عێراقدا هەبێ ، تەنها ئەو ڕاستیەی ووتوە وهیچی تر . بەڵام لایەنی گرنگی ئەو ڕاپۆرتە بریتیە لەو **79** ڕاسپاردانەی کە وەکوو بنەمایەکی پێشنیارکراو خستوویانەتە بەردەم ئیدارەی ئەمریکی بۆ دیاریکردنی سیاسەت وستراتیجیەکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل بنبەست وئەزمەی قووڵی ئەمریکا لەم وولاتەدا .

بەومانایە گەرچی ئەو خاڵانە بەشێوەی ڕاسپاردە خراونەتە بەردەستی ئیدارەی ئەمریکی بەڵام هەم پێکهێنانی کۆمیتەی بەیکەر – هامیلتۆن وڕاسپاردنیان بەئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە لەلایەن ئیدارەی بووشەوە وهەم لەوەش گرنگتر بەدیهێنانی ئالوگۆری ڕیشەیی وهەمەلایەنە لەسیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا ، سەرچاوەکەیان ئەگەڕێنەوە بۆ شکستێکی هەمەلایەنە کە ئەمریکا تووشی بووە لەم وولاتەدا .

بەوپێیە شکستی ئەمریکا بووە بە ڕاستیەکی بەڵگەنەویست ولەوەش زەقتر بریتیە لە پێویستی گۆڕینی شێوە وناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی ئەم فایلە پڕ لەکێشەیە بۆ ئەمریکا وئەمەش ، سەرباری بایەخی خۆی ، تەنها یەخەی کۆماریخوازەکانی ئەو وولاتە ناگرێت بەڵکوو سەرجەم تاقمی سیاسی ئەو وولاتەی بە حیزبی دیموکراتیشەوە تووشی سەرەگێژە کردووە .

نابێ ئەوەش لەیادبکەین کە تێڕوانین ولێکدانەوە وڕاسپاردەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە سەر مەسەلەی کورد ولایەنە جیاجیاکانی ، سەرباری بایەخی خۆیان ، جیا نین لەسەرجەم بەشەکانی تری ڕاپۆرتەکە . بەڵام لێرەدا بەکورتی تیشکێک ئەخەینە سەر ئەو بەشانەی ڕاپۆرتەکە کە پەیوەندیدارن بە مەسەلەی کورد ودەور وجێگەی هێزە کوردیەکان لەپرۆسەی سیاسی ئەمرۆی عێراق ونەخشەی ئەمریکا لەو بوارەدا .

ئەم لایەنەی ڕاپۆرتەکە لەلایەکەوە نارەزایەتی ونیگەرانی زۆر وفراوانی لەناو خەلکی کوردستاندا وروووژاندوە ولەولاشەوە دڵەڕاوکێ وترس وپەشۆکاوی لەناو ڕیزی تاقمی سیاسی کوردی ودەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا پێکهێناوە . لێرەدا شایانی ووتنە کە ئەو نارەزایەتیەی خەڵک بەرانبەر بە ڕاپۆرتەکە خۆی لە رووی بابەتیەوە سەرەتای هەڵوێست وبەئاگاهاتنێکی خەڵکی کوردستانە بەرانبەر بەو مەترسیانەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق بەگشتی ولەکوردستان بەتایبەتی کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ یەخەی دۆست وهاوپەیمانە ناوخۆییە کوردیەکانیشی ئەگرێتەوە . بەڕاستیش وسەرباری هەوڵی لەقاڵبدان وکۆنترۆڵکردنی ئەو نارەزایەتیەی خەڵک لەسەر ئەو ڕاپۆرتە وسیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە خەلکی کوردستان

که هەموو دام ودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم وهەردوو حیزبی هاوپەیمانی کوردستانی تیایدا خراونەتە گەڕ ، لایەنی گرنگتری ئەو هەوڵەی حکوومەتی هەرێم لەشوێنێکی ترەوە سەرچاوە ئەگرێت .

پارتی ویەکێتی وەکوو 2 هێزی دەسەلاتداری هەرێمی کوردستان ئەیانەوێ لەڕێگەی ورووژاندنی هەستی خەلکی کوردستانەوە لەم ئەزمەیەدا شانیان تۆزاوی نەبێت وئەو شکستە بخەنە سەر لایەنێکی دەرەکی واتە ئەمریکا وخۆیان وەکوو قوربانی نیشان بدەن .

لەقۆناغی دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ ئەوە ئەو 2 هێزە بوون کە زۆرترین خۆڵیان کردۆتە چاوی خەلکی کوردستان سەبارەت بە مەرامەکانی ئەمریکا ونیازە ڕاستەقینەکانی لەو قۆناغە دوور ودرێژە لە عێراق وکوردستاندا . هەر ئەمان بوون داگیرکردنی وولاتەکەیان لەلایەن ئەمریکاوە بە (( ئازادکرنی وولات )) ناوزەد ئەکرد . ئەمان بوون ئێستاش داگیرکەرێکی فاشی بەعسیان گۆڕی بە داگیرکەرێکی ئیمپریالیستی ئەمریکی وناویان نا ڕۆژی ئازادی . هیچ هێزێکی سیاسی ناو هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق وەکوو ئەمان ملی خۆی وخەلکی کوردستانی نەدایە دەست ئەمریکایەک کە لەهیچ شوێنێکدا و لەسەر کاغەزی مۆرکراو دانی نەناوە بەمافەکانی گەلی کورددا. ئەمان ڕەسم وعادەتێکی سیاسی ودیبلۆماسی نوێیان داهێنا کە بریتیە لە وەعدەدانی سەر تەلەفوون وئێوارەخوانی سەر مێزەکانی کۆبوونەوەی دیبلۆماسی لە جیاتی پەیماننامە و مۆرکردنی ڕێکەوتننامە وشێوەکانی تری دیبلۆماسیەت وگفتوگۆ ومامەڵەکردن لەگەل لایەنی تر ودەولەتانی تر . ئەمان لێپرسراوی ڕاستەوخۆن لەو هەموو بەڵێن و ڕاگەیاندن و تەسریحاتانەی کە شەو ورۆژ جاریان پێ ئەدا سەبارەت بە دۆستایەتی وخەمخۆری و بەدەربەستی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد . ئەم دوو هێزە لێپرسراوی ڕاستەوخۆن لە گرێدانەوەی مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد وداخوازیەکانی میللەتێکی چەوساوە وئەنفالکراو بە یەکێک لە چەپەڵترین سیاسەتی ئەمریکا کە گەلی کورد ومەسەلە ڕەواکەی تێکەل کرد بە شەڕی گلاوی پیلانگێڕی ودەسەلاتخوازی وتایفی ومەزهەبی وبەرانبەرکێ ی تیرۆر ودژەتیرۆر بەجۆرێک ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ناڕەوا لەهەر شوێنێک باسی مەسەلەی کورد بکرێ وکوو گۆشەیەکی شانۆی کوشتاری تایفی ومەزهەبی ودینی وزەلکاوی قووڵی شەڕی ئەمریکا لەعێراقدا باسی ئەکرێ .

کێ ئەو مەسەلەیە ڕەوایەی تێکەڵکرد بەو زەلکاوی خوێن وکوشتاری تایفی ومەزهەبی وشەڕی دەسەلاتەی ئەمریکا لەناوچەکەدا جگە لە سەرانی ئەمڕۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ؟ کێ قوماری بەو مەسەلە ڕەوایەوە کرد وبوو بەهاوپەیمانی ستراتیجی محافەزەکارانی ناو ئیدارەی ئەمریکی کە لەناو وولاتەکەی خۆشیاندا بێزراو و نەفرەت لێکراون ؟ ئایا یەکێتی وپارتی تەنانەت پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشووش هاوپەیمانی تاسەر ئێسکی بابەتی وەکوو جەعفەری وحەکیم نەبوون وتا ئێستاش شانازی بەو هاوپەیمانیەوە ناکەن لەگەڵ کەسان ولایەنی لەو جۆرەدا کە خۆیان هۆی سەرەکی کوشت وکوشتار وخولقاندنی زەلکاوی ئەمڕۆی عێراقن ؟ ئایا ڕەوای هەقە کە کورد بکرێ بە قەلغانی پەنتاگۆن وکۆشکی سپی تا نەکەونە بەر هێرشی قاعیدە وهێزە تیرۆریستەکان کە خۆیان لەزۆر ڕووەوە بەرهەمێکی دروستکراوی قۆناغی شەڕی ساردی ئەمریکان ؟

بەهەرحاڵ چاوگێڕانێکی کورت بەسەر سەرنجەکانی لێپرسراوە جیاجیاکانی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر ڕاپۆرتەکە لەکاتی ئاشکراکردنیەوە سەرەداوەکانی ئەو ئالوگۆڕەی سیاسەتی ئەمریکا نیشان ئەدەن وبڕیاریشە چەند هەفتەی تر ئەو ستراتیجیە نوێیە بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر

ڕابگەیەنرێت . ئەوەی لەونێوەدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە هەڵوێستی سەرەکی کۆشکی سپی سەبارەت بە ڕاپۆرتی ناوبراو لەسەر ئەوەیە کە ئایا سوریا وئێران بەم هەڵوێست ودەورەی ئێستایانەوە بەشداری بکرێن لەگفتوگۆ وبەشداری ڕەسمی وەکوو هاوکار وشەریک بۆ ئەمریکا لەچاری ئەزمەی عێراقدا یا نا ؟ تەنانەت لەو بوارەشدا هێشتا سیاسەتی ڕەسمی ئەمریکا لەسەر هەڵوێستێکی جێگیر نەگیرساوەتەوە و ئەویشیان هێشتا کراوەیە .

بەڵام سەبارەت بەناوخۆی عێراق سەرجەم ئیدارەی ئەمریکی و ئەنجوومەنی نوێنەران وسەناتی ئەو وواڵتە کۆک وهاوڕان لەسەر ئەو لایەنە جەوهەریەی ڕاپۆرتەکە کە ئەبێ ئاڵوگۆڕێکی قووڵ وڕیشەیی لە ستراتیجی وشێوە وپێکهاتەی هاوپەیمانی دەسەڵاتداری حکوومەتی عێراق وسەرجەم بەرنامە سیاسیەکانی ئەو حکوومەتەدا پێک بێت وهیچ شتێک و لەوانەش دەستووریش نابێ لەو بوادەدا بە پیرۆز دابنرێت .

لێرەوە ئاڕاستەی گۆڕانەکان لەسەر **2** تەوەری سەرەکی ئەبن :

یەکەم : جۆری دەسەڵاتدارەتی ئێستای عێراق وسیستمی دەسەڵاتی سیاسی ئەم وواڵتە ئەبێ بگۆڕێت . ئاشکراشە کە ئەو سیستمە بەرهەمی سیاسەت وپلانی ئەمریکا بوو بەڵام لەهەمان کاتیشدا خاڵێکی تەوافق بوو کە پێکهاتە سەرەکیەکانی دەسەڵات وەکوو ئیسلامیە شیعیەکان ولایەنە قومیە کوردیەکان وبەئەندازەیەکی لەوان کەمتریش هێزە سوونی وقومیە عەرەبیەکان پێ ی ڕازی بوون وجێ ی خۆیان تیا خۆش کردبوو وتەنانەت تا پێش دەرچوونی ئەم ڕاپۆرتە ئامادە نەبوون ئەو پێکهاتەیە بەشکست خواردوو یا ناتەواو ناوبنێن . بەو مانایە ئەم پێکهاتەیەی دەسەڵات بەرهەمی ڕێکەوتنی ئەمریکا وئیسلامیە شیعیەکان ویەکێتی وپارتی بوو بە بڕێک ئیمتیازی درەنگ وەخت وناچاریەوە کە تێیدا درا بەهێزە سوونیە ئیسلامیەکان وهەندێ باڵی تری قومی عەرەبی . ئێستا ئەو پێکهاتە مەزهەبی ودینی وقومیەی دەسەڵات تووشی شکستی تەواو بووە وبەرگەی چەند مانگی تر ناگرێ وئەمریکا واقیع بینانە تر لە هێزە شیعیەکان وکوردیەکان کە سەرمەستی ئەو دەسەڵات و ئیمتیازاتانەن کە ئێستا هەیانە ، پێ ی وایە ئەبێ ئەم شێوەیە لە دەسەڵاتدارەتی بگۆڕێت .

دووەم : ئەمریکا بۆی دەرکەوتوە کە چیتر ناتوانێت بەبێ دانی ئیمتیازاتێک بەدەوڵەتانی دراوسێ ی عێراق ودەم چەور کردنیان ودان نانی ڕەسمی بە دەور وتموحاتی ئەوان لە عێراقدا جێگیر بوون وئاسایش لە عێراقدا بۆ هێزەکانی بەدی بهێنێت . ئەو ڕاستیە کاتێ زیاتر دەرئەکەوێ کە ئەوە لەبەرچاوبکرین کە نە ئەوروپا ونە هیچ دەوڵەتێکی بەهێزی جیهانی ( وەکوو ڕوسیا ) یا وواڵتانی عەرەبی وکتلەی وواڵتانی ئیسلامی ئامادەنین وەکوو هاوپەیمان دەست بدەنە باڵی ئەمریکا بۆ دەربازگردنی لەئەزمەی عێراقدا .

لێرەوە ڕۆشنە کە بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لەسیاسەتی ئەمریکا لەهەردوو بواری ناوبراودا ، پێش هەر شتێک لەسەر حیسابی مەسەلەی کورد ودەوری تا ئێستای هاوپەیمانی کوردستانی ئەبێ لەپێکهاتەی دەسەڵات لەبەغدا وهەروەها لەسنووری دەسەڵات وسەلاحیاتی هەرێمی کوردستاندا .

گۆڕان لەبواری یەکەمدا لەڕوانگەی ئەمریکاوە ( ڕاپۆرتەکەش پێ لەسەر هەمان شت دائەگرێت ) یانی پێکهێنانەوەی بنەماکانی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزتر ، خاوەن دەسەڵاتی زیاتر ، پێشت بەستوو بەهێزێکی سەربازی عێراقی تەیارتر وزەبەلاحتر وسیستمێکی سیاسی پشت بەستوو بە داهاتێکی ئابووری کۆنترۆڵکراو لەژێردەستی دەوڵەتی ناوەند وکۆمەڵێک بنەمای تری مۆدێلی حوکمڕانی نیمچە بەعسی تر کە ئەو هێزانە دەورێکی گرنگی تیا ببینن کە لە **4** ساڵی ڕابووردوودا

یا ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسی وسەربازی لەگەڵ ئەمریکا وهاوپەیمانە عێراقیەکانیدا دەوری سەرەکیان بینیوە یا ئیلهامیان داوە بەو بەرە نارازیە یا ئیلهامیان لە بوون وچالاکی ئەوان وەرگرتووە .

ئەمرۆ بۆ ئەمریکا دەرکەوتووە کە بەرقەرارکردنی ئارامی وئاسایش بەمانا ئەمریکیەکەی لەعێراقدا وزاڵ بوون بەسەر شەپۆلی کوشت وکوشتار وتووندوتیژیەکاندا لە ڕێی هێزە سەربازیەکانی خۆیەوە یا بەهاوکاری هێزی تاقمی دەسەڵاتداری عێراقی هاوپەیمانی تا ئێستایەوە ئەستەمە . کلیلی ئەو دەرگایە لەڕوانگەی ئەمریکاوە لەوەدایە کە هاوپەیمانیەکی پتەوتر پێکبهێنێ لە نێوان هێزە ئیسلامیە شیعی وسوونی وقومی ونیشتمانیە عێراقیەکان وهاوپەیمانی کوردستانی ولەوێوە حکوومەتێکی بنکە فراوان دابمەزرێنێت وپایگای حکوومەتی ناوەندی بەهێزبکات لەناو ئەو پێکهاتانەدا کە تا ئێستا بەهۆی ئەو دەورە لاوازەی کە پێیان ڕەوابینراوە زەمینەی ئەزمەی ئەمریکایان قووڵتر کردۆتەوە .

بەڵام بۆ ڕاکێشانی ئەو تەیفە لە لایەن وهێزی سیاسی وتووندکردنەوەی هاوپەیمانیەتی ئیسلامی – قومی عربی عێراقی وفراوانکردنەوە وپایەدارکردنی پێگەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە لەعێراقدا ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە لەلایەکەوە زەخیرە وپێویستیەکانی حکوومەت ودەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز تر وپایەدارتر دابین بکات ولەولاشەوە نارەزایەتی وداواکاریەکانی ئەو لایەن وبزووتنەوە کەنارخراوانەی عەرەبی ونیشتیمانی عێراقی وئیسلامی سوونی وسەرجەم ئەو تەیفە فراوانە وەڵام پێبداتەوە .

یەکێک لەکرنگترین ئەو نارەزایەتی وداواکاریانەش بریتین لەپێداگرتنی تەواو لەسەر شوناسنامەی عەرەبی وئیسلامی وولاتی عێراق وسیاسەتەکانی ، یەکپارچەیی خاکی عێراق وپیرۆزی ئەو یەکیەتیە ، دانی زۆربەی دەسەڵاتە گرنگەکان بە حکوومەتی ناوەند ، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، کەمکردنەوەی دەوری هاوپەیمانی کوردستانی لە دەسەڵات وسەلاحیاتی حکوومەتی ناوەند ، گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتی ناوەند ( هەم پەرلەمان وهەم دەسەڵاتی تەنفیزی واتە حکوومەت ) بەئاراستەی دانی پشکێکی زیاتر بەو هێزە نارازیانەی تا ئێستا ، دەسەڵاتی زیاتری حکوومەتی ناوەندی لەبواری نەوت وداهات سامانە سروشتیەکانی تردا ، بنیاتنانەوەی سوپایەکی تۆکمە ویەکگرتوو ومەرکەزی کە سوود لە مۆدێل وکادری بەشەری ودام ودەزگای سەردەمی ڕژێمی بەعس وەربگرێت ودەسەڵاتێکی فراوانی هەبێ ودەوری سیاسیشی پێ بدرێت لەگەڵ کۆمەڵێک سیاسەت یاسا ورێ وشوێنی تر کە لەم بوارەدا بەشەکانی ئەم ڕەیل گۆڕینەی ئەجیندای ئەمریکین لە عێراقدا .

هەرچی بواری دووەمە ئەوەش بەئاشکرا جگە لەدەسهەڵگرتنی ئەمریکا بەرەسمی لەهەڕەشەکانی لە سوریا وئێران ، ئەوە جگە لەو **2** وولاتە تورکیا وسعوودیە وئوردون ودەوڵەتانی کەنداو ولەبازنەیەکی فراوانتریشدا گرووپی وولاتانی عەرەبی وئیسلامی لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش کۆکن کە هەموویان لەگەڵ خاڵەکانی پێشوودا سەبارەت بە تووندکردنەوەی پایەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەند لەبەغدا ویەکێتی خاکی عێراق ودژایەتی لەگەڵ شێوەکانی لامەرکەزیەتی دەسەڵاتدا یەک ئەگرنەوە .

لێرەشدا ئەمریکا بۆ ڕزگاربوون لە زەلکاوی ئەزمەی عێراق چارێکی تری نیە جگە لە بەدیهێنانی بەشی زۆری داخوازیەکانی ئەم گرووپەش جا ئێران وسووریا لەبازنەی وولاتانی هاوکاری ئەو پرۆسەیەدا بن یا لەدەرەوەی بن .

ئاڵوگۆڕی پێشبینیکراو لە هەردوو بواری ناوبراودا ، سەرجەم دیمەنی سیاسی وبنەماکانی گەمەی تا ئێستا وهاوکێشە سیاسیەکان لە ناوخۆی عێراق وناوچەکەشدا ئەگۆڕن .

پێداگرتنی توندوتۆڵتر لەسەر یەکێتی خاکی عێراق وشوناسی عەرەبی وئیسلامی ئەم وولاتە ودەسەلاتی بەهێزی دەوڵەتی ناوەندی بەغدا ووتووڕهەڵدانی فاکتەری وەکوو گوێدان بەسەرنجی ڕای گشتی ناوخۆیی ودەرەکی سەبارەت بە مەسەلەی مافی مرۆڤ وکەمایەتیەکان ورتووشی تری لیبرالی وپەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە تا ئێستا لێرە ولەوێ تەنها وەکوو ترش وخوێ بۆ ڕازاندنەوەی زەلکاوی سیاسەتی ئەمریکا بەکارئەهێنران ، یان دامەزراندنەوەی سوپایەکی بەهێز لەدرێژەی (( سەروەریەکانی )) سوپای سەردەمی بەعس ودانی پشکێکی زۆرتر لە دەسەلات بە هێزە عروبی وئیسلامیە سوونیەکان وتەناتەت بەعسیەکانیش وبەشەکانی ئەجینداییەک کە سەرەداوەکانی ڕۆژانە و بەجورعات ئاشکرائەکرێن ، هەرهەموویان چ لەڕووی بابەتیەوە وبەشێوەی ئۆتۆماتیکی وە چ بەو ئاڵوگۆڕانەوە کە لەدەستوور وئەجیندای حکوومەتی عێراقیدا ڕووئەدەن ، ئاکامی سلبی زۆر وزەبەندیان ئەبێ لەسەر ئێستا وداهاتووی مەسەلەی کورد وداخوازیە ڕەواکانی گەلی کورد وسەرجەم گەلانی عێراق وهەروەها بەئاراستەی کەمکردنەوەی دەسەلاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ودەوری هاوپەیمانی کوردستانی لە دەسەلاتی ناوەندیدا وەرئەچەرخێن .

بۆ نموونەش گەرچی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لەهیچ بەڵگەنامەیەکی سیاسی ویاسایی وەکوو دەستووری عێراق وپێشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان وبەرنامەی وەزارەتەکانی ئەیاد عەلاوی وئیبراهیم جەعفەری ونوری المالکیدا ، یا لەهیچ نەخشە وهەلوێستێکی سیاسی وستراتیجی ئەمریکادا ئاماژەی پێنەکراوە وبەڕووکەشیش دانی پیانەنراوە ، بەڵام ئیتر وەکوو چەکێکی فشاریش لەململانێ سیاسیەکانی قۆناغی داهاتووی نزیکدا ئەکەوێتە پەراوێزەوە وخەڵکی کوردستان ئەکەونە مەوقعێکی دیفاعی زیاترەوە وبەناچاری ئەبێ بکەونە سەنگەری بەرگری لەمافە نیوەناچڵەکانی قۆناغی پێشووەوە نەک تێوەچوون بۆ بەدیهێنانی زۆرترین بەش لەو ماف وداخوازیانەی کە شایستەی ئەوانن .

هەر لەم بوارەشدا ئەو چوارچێوە دەستووریەی کەسەرباری کەلەبەرە زۆرەکانی وکەم وکوڕیە جوهریەکانی وەکوو فیدرالیەت بۆ داڕشتنی جۆری پەیوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ودەسەلاتی ناوەند دەسنیشان کرابوو ، بوارەکانی تەسکتر ئەکرێنەوە بەتایبەتی لەکاتی هەموارکردنی ئەو بەشە زۆرەیدا کە بڕیارە لیژنەی پیاچوونەوەی دەستوور پێ ی هەڵبسێ وجگە لەوەش لەبواری جێبەجێکردندا بەکردەوەدا بەتایبەتی بەپەیوەند بە مادەی ( 140 ) ودیاریکردنی شێوەی پەیوەندیەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا ویاسای بەرهەمهێنانی نەوت ودابەشکردنی سامانە سروشتیەکان ، هەموویان بەقازانجی بەدیهێنانی ئاسایش وتەبایی ورزگاربوونی ئەمریکا لە قەیرانی قووڵی ئێستای ، بەرتەسک ئەکرێنەوە .

سەرەنجام ئەبێ بەپەیوەند بە ڕاپۆرتی بەیکەر – هامیلتۆن وئەجیندای چاوەڕوانکراوی نوێ ی ئەمریکا ئەو ڕاستیانە لەگەرمەی گەمەی سیاسەتی قەیرانی ئێستادا لەچاوی خەڵکی کوردستان نەشاردرێنەوە کە :

1 / شەڕکردن لەگەڵ ڕاپۆرتی بەیکەر – هامیلتۆن ئەبێ بە شەڕ لەگەڵ تارماییدا گەر ئەو ڕاستیە نەناسین کە ئەمریکا بۆ دەربازبوون لە زەلکاوی ئەمڕۆی لە عێراقدا ودرێژەدان بەسیاسەتی چەپەڵی کۆلۆنیالیستی وچاوچنۆکانەی خۆی پێش ڕاپۆرتەکە پێویستی بەئاڵوگۆڕ هەبوو ولانی

کەم سیاسەتی پێشووی بەیەکجاری فەشەلی هێنابوو وبگرە راپۆرتەکە خۆی ئاکامی ئەو شکستە وهەولێکیشە بۆ دەربازبوون لێ ی یا کەمکردنەوەی مەترسیەکانی .

2 / جەماوەری خەڵکی کوردستان گەر بیانەوێ جارێکی تر نەبنەوە بە گورگان خواردووی سیاسەتی ئەمریکا ئەبێ ئەو ڕاستیە بزانن کە لە بنەڕەتدا ئەجیندای نوێ ی ئەمریکا ئەڵقەیەکی ترە لە هەمان سیاسەت و هەولی چەپەڵ وگلاو کە زنجیرەکەی لەشەڕی کوەیتەوە دەستی پێکرد ولە 2003 دا ئالوگۆڕێکی بەسەردا هات وئێستا بە قۆناغی بنبەست وئەلقەی داخراو گەیشتووە .

ناوەڕۆک وشێوازەکانی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەت وهەولانە ناکۆکی تەواویان هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی مەسەلەی کورد وەکوو ستەمێکی نەتەوایەتی لەمێژینە ولەوەش گرنگتر لەگەڵ ئاوات وئامانجەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان کە بریتیە لە ئازادی وخۆشگوزەرانی وڕیشەکێشکردنی هەموو شێوازەکانی چەوسانەوەی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی .

3 / ناسیونالیزمی کورد بەگشتی وبەدیاریکراویش یەکێتی نیشتیمانی وپارتی دیموکرات دەوری ڕاستەوخۆیان هەیە لە گرێدانەوەی ئەو ئاوات وئارەزوو وئامانجە ڕزگاریخوازانەی خەڵکدا بە مەرامە دژی ئینسانیەکانی ئەمریکا وهێزە ئیسلامیەکانی عێراقەوە . ئەمان چ وەکوو حیزبی سیاسی وچ وەک دەسەلات بەشێکن لەو شکستە وئەبێ خۆیان نەک گەلی کورد وخەڵکی کوردستان باجی ئەم ئەلقەی شکستە بدەن .

4 / بەرەی خەڵکی کوردستان بەرە وڕیزی گەلانی ئازادیخوازی جیهان وبزووتنەوەی کرێکاری وسۆشیالیستی وئازادیخوازانەی دژی شەڕ وئیمپریالیزمی جیهانی وئەمریکا وکۆنەپەرستیە. بە شێوەی ڕاستەوخۆتریش دۆست وهاوپەیمانی خەڵکی کوردستان هەمان ئەو جەماوەر وگەل وچینانەی جیهان وعێراق وئێران وتورکیا وناوچەکەن کە ئەمڕۆ ئاکامی هەمان سیاسەت ئیمپریالیستی وکۆنەپەرستی لەشیان ئەهاڕێ وخەریکن لەژێر باری گرانی بەرەی ئیمپریالیستی جیهانی وپاوانخوازی ئەمریکی وقورسایی بزووتنەوە ئیسلامی وتیرۆریستیەکان دێنە دەر وبۆ ڕێچکەی ڕێگای بزووتنەوەی سەربەخۆی خۆیان ئەگەڕێن .

نابێ جەماوەری خەلکی کوردستان ڕێگە بدەن کە لەوەرچەرخانێکی تردا دیسانەوە لەنێوان بەرداشەکانی سیاسەتی گلاوی ئەمریکا وڕژێمی مەرکەزی عێراق وهێزەکانی دەسەلاتداری کوردیدا ئەوان وئامانج وبەرژەوەندیەکانیان بکرێتەوە بەقوربانی .

شکستی سیاسەتی ئەمریکا ئەبێ بەبێ هیچ پەردەپۆشیەک وەکوو شکستێکی سیاسی وستراتیجی دۆست وهاوپەیمانە ناوخۆییەکانیشی لەکوردستاندا تۆماربکرێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرقافلە وپەیامهێنەری ناوخۆیی ئەو ستراتیجیە شکست خواردووە بوون وهەن .

لەکۆتاییشدا پێویستە ئەوەش بلێم کە چارەنووسی ستراتیجی نوێ ی ئەمریکا لە سیاسەتی تا ئێستای باشتر نابێت وسەرەنجامی ئەمیشیان هەر شکستێکی ترە بەلام گرنگ ئەوەیە خەڵکی کوردستان وعێراق هەم ڕێگە نەدەن کە ئەم ئەڵقەی شکستەشیان لەسەر حیسابی ژیان وگوزەران وئاسایش وپارووی نانی ئەوان بێت وهەم بوار بەوەش نەدەن کە ناسیونالیزمی کورد بیکات بە بیانوویەک بۆ توندکردنەوەی دەمارگیری نەتەوەیی وبێبەشی ئەوان وباجدەری ئەو شکستەی خۆیان وهاوپەیمانەکانیان ودەرچوون لەم قەیرانە هاوبەشەیان بە بێ تۆز وبەبێ لێپرسینەوەی ڕاشکاوانەی جەماوەری خەڵکی کوردستان .

**دیسەمبەری 2006**